## نامەیەكی كراوە بۆ هەریەك لە

## سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان

ماوەیەكە لە كەناڵو دەزگاكانی راگەیاندنتانو دەمی خۆتانەوە بانگەشەی یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو یەكسانیو دیموكراتیو برایەتیو پێكەوە ژیانو چەندین شتی لەو بابەتە دەكەن، بەڵام نازانم تا چەند ئاگاداری ژێرەوەی خۆتانن بۆ جێبەجێكردنی ئەم دروشمە بەرزو پڕشنگدارانە. ئێمە وەكو دەستەیەك لە فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەی (هەولێر) نە باسی خەڵك دەكەینو نە قسەی خەڵكی دەگێڕینەوەو نە بوختان بەكەس دەكەینو نە حەزیشمان لە كێشەیە. بەڵكو ئەوەی دەمانەوێت بیگەیەنین پێتان واقیعێكەو بەسەرمان هاتووەو دەیانەوێت بوختانمان پێبكەنو قسەمان بۆ هەڵبەستنو كێشەمان بۆ دروست بكەن. ئەوەتا وەزارەتەكەمان كەتۆتە گیانی فەرمانبەرانیو هەموو كاری ئێستای دەركردنی فەرمانی وەزاریە بۆ گواستنەوەو هەڵوەشاندنەوەی تەنسیبی فەرمانبەرەكانی بێ هیچ هۆیەكو تەنها بە هەوەسو (حەزی وەزارەت) هەروەك جەنابی بەڕێوەبەری دیوان گوتەنی.

ئەم حەملەی دەركردنە لە یەكێك لە ژوورە گرنگەكانی ئەم وەزارەتە دەستیپێكردووە كە ئەویش ژووری (ئاسۆی پەروەردە)یە. لەم ژوورەدا هەموو مانگێك گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەو ئاسۆی منداڵانو ئاسۆی فێرخوازانو (آفاق تربوي) بە پاشكۆی ئینگلیزیەوە دەردەچێت بە ئەركو ماندووبوونی زۆری كارمەندو فەرمانبەرانی كە ژمارەیان پانزە كەسێك دەبێت كەچی لە راستیدا دەركردنی ئەم هەموو بلاوكرایەوە  پێویستی بە پەنجا فەرمانبەریش هەیە.

جا من لە ئێوە دەپرسم، فەرمانبەری وا خۆبەخشو ماندوو لەلای ئێوە بەم شێوەیە خەڵات دەكرێ؟؟!! یان حەزو هەوەسی وەزیرو بریكارو بەڕێوەبەری دیوان وا دەخوازێ؟؟؟!! ئەی مافی فەرمانبەر لە چ حەسارێ لەنگەری گرتووە. لە چ یاسایەك بووە فەرمانبەر بەبێ هۆ بگوازرێتەوە. كاتێكیش كە فەرمانبەر لە هەقی خۆی بپێچێتەوەو لە هۆی گواستنەوەی بپرسێ، پێی بڵێن (ئەمە حەزی وەزارەتە). ئێمە زانیومانە داوو دەزگا حكومیەكانمان تەنها (حەزی سیاسی)یان هەیە، بەڵام ئەوەیان ناگوترێ چونكە جورئەتی دەوێ.

لە كۆتاییدا.. داوا لە بەڕێزتان دەكەین كە مافی ئەم فەرمانبەرانە وون نەبێتو ئێوەش هێندە بەرز مەڕوانن و كەمێك ئاگاداری ژێرەوەی خۆتان بن بزانن چی لە داوو دەزگا حكومیەكان روو دەدات.

دەستەیەك فەرمانبەر

لە وەزارەتی پەروەردە